# ئەلتەرناتیڤی هەڵبژاردنی ساختە ریفراندۆمی کارتۆنی نییە.

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

هەواڵەکان دەڵێن بزووتنەوەی ریفراندۆم بڕیاری داوە لە پەنا صندوقەکانی هەڵبژاردن، صندوقی خۆی دابنێتو هەروا دەڵێن کە "مۆڵەتی" یان لە ڕاستیدا فەرمانی ئەنجامدانی ئەم کارەی لە یەکێتی و پارتیەوە وەرگرتووە.
بزووتنەوەی ریفراندۆم بەم کارەی هیچ ناکات جگە لە داتەکاندنی ریفرانۆم لە مەعنا و ناورۆکی خۆی. مەبەست لەم کارەش ئەنجامدانی ریفراندۆمیکی واقعی و ڕاپرسی لە خەڵکی کوردستان نی‌یە، بەڵکو چوونە ژێر باڵی کەمپینی هەڵبژاردنی یەکێتی‌و پارتی‌و کۆمەك کردنە بە هەوڵەکانی ئەم دوو حزبە بۆ بوون بە دەمڕاستی خەڵك‌و سەرخستنی سیاسەتی الحاقکردنەوەو وپەککستنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە.
ریفراندۆم یاری وسیمبول بازی وماڵەباجینە نی‌یە، "دەی ئینجا بە حیساب ئەمەش صندقی ریفراندۆمە" گاڵەتجاڕی‌یە. مەسخەرەکردن و پێکەنینە بە ئایندەی خەڵك. کەسانێك کە هاتوون لە نیازو ویستو خەونی دیرینی خەڵك سوودیان وەرگرتووەو سەدان هەزار ئیمزایان ناوەتە بن باخەڵیان هەقیان نی‌یە ریفراندۆم تا ئاستی دانای صندوقی شڕی بێ‌ساحیب‌و بێ سەرپەرشت بێننە خوارەوە.
ریفراندۆم بۆ ئەوەی ڕەسمی بێت دەبێ بە سەرپەرشتی ناوەندێکی نێو دەوڵەتی، ڕەسمی و بێ‌لایەن ئەنجام بدرێت.
ریفراندۆم بۆ ئەوەی ویناکەرەوەی خواستی ڕاستەقینە خەڵك بێت دەبێت لە هەل ومەرجێکدا بەرپا بکرێت کە ئازادی سیاسی وفرسەتی چوون یەك بۆ هەموو هێزە سیاسی‌یەکان بۆ تەبلیغی ئەلتەرناتیڤ‌و بەرنامەی خۆیان، فەراهەم کرابیت. دەبێت وەك چۆن یەکێتی وپارتی وباقی هێزە الحاق خوازەکان فرسەتیان هەیەو دەتوانن بە ئازادی بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە لە ژێر ناوی فیدرالی‌دا تەبلیغ بکەن، هەرواش دەبێ هەموو ئەو هێزانەی کە لە هەل‌ومەرجی ئەمڕۆدا خوازیاری جیابوونەوەن فرسەتی هاوتای ئەوانیان بۆ گەیاندنی دەنگیان بە خەڵك بۆ فەراهەم بکرێت. دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وهەموو ئەو هێزانەی کە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی‌یان پێ بدرێت‌و ئەوە زەمانەت بکرێت کە جارێکی تر بە هۆی بەرزکردنەوەی ئەم خواستەوە ناکێشرێنە بەردەم دادگاکانی کوردستان وهاوڕێ‌یانیان کوشتار ناکرین.
ئەو هەل‌ومەرجەی وا دەکات هەڵبژاردن ساختەکاری و کلاولەسەرنان بێت، ریفراندۆمیش دەکاتە پرۆسەیەکی بێ‌ناوەرۆك‌و بێ‌مانا، بەدیلی هەڵبژاردنی ساختە ریفراندۆمی ماڵە باجینە نی‌یە.
جووڵانەوەی ریفراندۆم بەم کارەیان زیاتر لەو کاتەش کە ملیۆنێك‌و حەوت سەد هەزار ئیمزایان بۆ مەجلیسی حوکم برد وکردیانە کارتی دەستی یەکێتی‌و پارتی بۆ پچڕینی بەشی زیاتر لە حکومەتی موەقەت‌و دەستووری موەقەت. ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازو هۆشیار دەبنەوە.
کاربەدەستانی بزووتنەوەی ریفراندۆم بۆیان نی‌یە ریفراندۆم بلەوتێنن‌و ئەم خەونەی خەڵك لەبار بەرن، بۆیان نی‌یە بەم یاری و صندوق سازی‌یە هەوڵ بدەن ئەم چەکەش لە دەستی خەڵك بسێنن.